


بەکر دەروێش

# ڕەخنە...

## لە چیرۆکی یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراودا، ترس لە نوێبوونەوە، ترسە لە مۆدێرنێتە

ترس لە نوێ بوونەوە ترسە لە مۆدێرنێتە، بۆیە هاتنی بەهاری تازەگەری بۆ نێو پایزی کاڵی ژیانمان نابێ پەست وقەڵسمان کات،، نابێ بەبینینی خانووی تازە و شەقامی قیرتاوکراو و ئەپارتمانی چەند نهۆمی پەست ودڵتەنگ بین، تازە لە نێو دنیایەکی پڕ لەهاڕوهوڕی سەیارە و تەقەی مەکینە و گرمەی تەیارەدا، گەڕان بۆ دنیای مناڵی و یادەوەری جاران و ژیانی سەرەتایی کارێکی پڕ لە عەبەسییەتە و گەواهی و ئاماژەیە بۆ پاشخانی ئەقڵێکی فیودالی کە دەیەوێ بۆ هەتاهەتا لە چوارچێوەی چەند خانوویەکی قوڕدا



بژێ، دەیەوێ ئەو یادەوەرییـانەی ئەو خـوی پێـیـانەوە گـرتووە بە ئەزەلی بمێننـەوە، نوێ بوونەوە و تازەبوونەوە سـونەتی ژیانەو حـەتمیـیـەتێکی مێـژوویـە و لەگـەڵ سـوڕانەوەی سـروشـتـدا ڕوو دەدەن، ڕاگـرتن و وەسـتـانیـان زەحـمـەتە، لە چیـرۆکی یـادەوەرییـەکـانی کۆڵانێکی خاپوورکـراودا کەهەر خـۆیشی ناونیـشـانی کۆمـەڵە چیـرۆکێکی چیـرۆکنووس (سیامەند هادی )یەو ساڵی ٢٠٠٦یانەی قەڵەم بە چاپی گەیاندووە باس وخـواسێکی لەم جـــــۆرە وروژێنـدراوە، کــــەوا تـازەبـوونـەوە و نـوێ بـوونـەوە بـوونـەتـە هـۆی نـیـگـەرانـی و سەرسـامبوونی کەسێک، بەو پێیەی گوایە ڕوخانی ئەو گەڕەکەی کەئەو منالّی تێدا بەسەر بردووە لەلای بووەتە هۆی هەسـتکردن بە ڕوخـان و لەناوچوونی یـادەوەرییەکـانی، سـەرەتـای ئەم چیرۆکە بەو دیمەنە دەست پێ دەکات کاتێک پاڵەوان دوای ماوەیەکی زۆر دەگەڕێتـەوە گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان ئەوەی کاتی خۆی بەهۆی دۆزینەوەی تەرمێک لەنزیک ماڵەکەیان باریان لێ کـردووە، دەبینێ گەڕەکـەکـەیان وەک جـاران نەمـاوە، تەواوی خـانووە قـوڕەکـانی ڕوخـاوە و لە جیاتی ئـەوان ئەپارتمان و خـانووی تازە دروسـتکراوە، شـەقامی قیـرتاورێژ لە جیاتی کۆلانە قورەکان ڕۆنراوە، کاتێک ئـەم هەموو گۆڕانکارییـانە دەبینێت تووشی شـۆک دەبێت و بـە فـلاشـبـاک دەگەڕێتـەوە بۆ ڕابردوو چـەندان یادگـارو یادەوەری جـارانـی ژیانی خـۆی دێتـەوە یاد کـەپێـوەندییـان بەم کـۆڵانەوە هـەیە و ئەو لەو چرکـەسـاتەدا بەسـەریان دەکاتەوە ، بینینی ئەم دیمەنە تازانە غەمبارو نیگەرانی دەکات، واهەست دەکات تەواوی یادەوەرییـەکانی بوون بە ژێر خـاک وخـۆڵی خـانووە ڕوخـاوەکانەوە لەگەڵ ڕوخـانی ئەواندا یادەوەرییـەکانی ئەمیش ڕوخـاو وێران بوون، ئەمـە تەوەری سـەرەکی چیرۆکەکەیە و لەسـەر ئەم بناغەیە دامەزراوەو کراوە بەچیرۆکێک، کەئێمە هـەوڵ دەدەین بەپێی تێگەیشتنی خۆمان شیی کەینەوەو لەگەڵ پاڵەوان و چیرۆکنووسەکەدا بکەوینە گفتوگۆ.

### تەکنیک لەچیرۆکی یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراودا:

ئەم چیـرۆکە گێڕەرەوەیەکی فرەزان دەیگێڕێتـەوە کـەهـەر خـودی چیرۆکنووس خـۆیەتی و هـەمـــوو شــتــێـک دەربارەی پاڵەوان دەزانێ ، زۆربەی قــســەکــان لە بـاتی ئەو دەکــات، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پێشی کەوتووەو لە جێگای ئـەو گوزارش و تەعبیر لە دیاردەکان ودیمەنـەکـان دەکـات، ئـەمـەش وای کـردووە کـەوا چیـرۆکنووس زیاتر بیـروڕای خـۆی و جیـهانبینی خۆی پیشاندات لەوەی کەوا پاڵەوان گوزارشت لە دید و بۆچونەکانی بکات، لە جـیاتی ئـەوەی قسـەکانی پشـتگیری بن بـۆ دید و بۆچوونەکـانی پاڵەوان، بە پێـچـەوانەوە قسـەکـانی پاڵەوانی بۆ پشـتگیری کـردن لە بۆچوونـەکانی خـۆی بە کـارهێناوە ، لە کـۆی (

٢٩٠) دێڕ کە چیرۆکەکەیان لێ پێکهاتووە تەنیا (٧) دێڕی قسەی پاڵەوانەو (٢٠) دێڕی قسەی دایکێتی و( ٣٤) دێڕ قسەی باوکی پاڵەوانە، ئەویتری قسەی چیرۆکنووسە ، ئەمەش وای کردووە ڕۆڵی پاڵەوان لاوەکی بێت و زیاتر لە چوارچێوەی یادەوەریەکانی باوکییەوە بێتە نێو چیرۆکەکەوە کە ئەمەش دیسان گێڕەرەوە یان ڕاستر بڵێین چیرۆکنووسە فرەزانەکە ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی بیربۆچوونەکانی خۆی پێ پتەوکات،، هەرچەند من پێم وایە هیچ شێوازو ستایلێکی نووسین کۆن نابێت و هەر چیرۆکێکیش شێوەی گێڕانەوەی خۆی لەگەڵ خۆیدایە ، وەلێ لەم چیرۆکەدا ئەگەر هاتبا پاڵەوان ڕاستەوخۆ بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک ( من) قسەی بکردبایە باشتر بوو، چونکە ئەوکات ئازادانەتر بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆی دەخستەڕو، هەروەها ئەوکات تێبینی و سەرنجەکانی ڕاستگۆیانەتر دەبوون لەوەی کەوا چیرۆکنوسێکی فرەزان بێت ولەجیاتی ئەو قسەبکات، بەم حاڵەی ئێستا چیرۆکنووس تەوەری چیرۆکەکەی بەلایەکی تردا بردووەو وای پیشان داوە کەوا هاتنی پیشەسازی و تیکنۆلۆژیا بۆ نێو ژیان و قرەقەڵەباڵغ بوونی شارەکان و پیس بوونی ژینگە هۆکاری نیگەرانی پاڵەوانن، هەروەها دروستکردنی خانووی نوێ و ڕوخاندنی خانووە کۆنەکان و قیرتاوکردنی جادەکان بوونەتە هۆی خاپوورکردنی یادەوەریەکانمان و تووشی غەمۆکی و شڵەژانیان کردووین ، مرۆڤیان لەژیانێکی سەرەتاییەوە گواستووەتەوە بۆ نێو ژیانێکی ئاڵۆزو پڕ لەچەرمەسەری، لەگەڵ وێران بوون وخاپوور

**ئەگەر هاتبا پاڵەوان ڕاستەوخۆ بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسەی بکردبایە باشتر بوو**

بوونی خانووە قوڕەکانیشدا هەموو یادەوەریەکانمان تیاچوون، کە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت بەشێک لە مێژوومانیش بەر ئەم خاپوور بوونە کەوتووە و لەگەڵیدا ڕۆیشتووە، بەڵام هەموو ئەمانەی کەباسمان کرد ڕێگای ئەوەمان لێناگرن کەوا لەم خوێندنەوەیەماندا لەڕوانگەیەکی ترەوە بڕوانینە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکەو لایەنە جوان وفەلسەفیەکانی هەڵسەنگێنین و قسەیان لەسەر بکەین، پێشم وایە شێوەی داڕشتنی چیرۆکەکەو گەشەسەندنی ڕوداوەکانی وایانکردووە چیرۆکنووس ئەم تەکنیکە بەکاربهێنێ، هەروەها لەم چیرۆکەدا تەکنیکی پردی شاراوە بەکارهاتووە لەزانستی بیناسازیدا ئەندازیاران بەم پردانە دەڵێن پردی شاراوە( جسور مخفیە) ئەمەش کاتێک بەکاردێت کە سەقفی بینایەکە پانوپۆڕ بێت، لەم حاڵەتەدا ئەندازیارن بۆ قایمکردن و پتەوکردنی خانووەکە هەڵدەستن بە دانانی کۆمەڵێ پردی شاراوە بۆ ئەوەی بەباشی میچەکە ڕاگرێ و قایمیکات، ئەم پردانە بەشێوەیەک دادەڕێژرێن بەچاوی ئاسایی نابینرێن، لەم چیرۆکەدا هەمان تەکنیک بەکارهاتووە بەڵام بەئاستێکی تردا ئەویش ئەوەیە کەئەم پردانە لەناخی تێکستەکەدا هێما بۆ ترس و دڵەڕاوکێی پاڵەوان دەکەن و ئەوە دەسەلمێنن کەوا پاڵەوان لە نوێ بوونەوە و تازەگەری دەترسێ، حەزناکات ڕەگی پاشماوەی ئەقڵی فیوداڵی ببچڕێت و تێکەڵی خەڵکێکی نەناس و تازە ڕوخسارو دەوڵەمەند ببێت، لەچیرۆکدا مەرج نییە هەموو شتێکی نهێنی و شاراوە کەبوونی هەبێت بە شێوەیەکی ئاگادارانەو بەدەستی ئەنقەست لەلایەن چیرۆکنووسەوە داڕێژرابێ و

**لە چیرۆکدا مەرج نییە هەموو شتێکی نهێنی و شاراوە کەبوونی هەبێت بە شێوەیەکی ئاگادارانەو بەدەستی ئەنقەست لەلایەن چیرۆکنووسەوە داڕێژرابێ**

خرابێتە نێو چیرۆکەکەوە، بەڵکو بۆی هەیە هەندێک لەو شتانە لەکۆنەستی چیرۆکنووسەوە لەکاتی نووسیندا بەهۆی وشەکانەوە بڕژێنە ناو دەقەکەوە وەک کۆمەڵێ دال ئاماژە بۆ کۆمەڵێ مەدلول بکەن کە خودی نووسەر نەک ئەوانەی نەویستووە لە نووسینەکەیدا بەڵکو دەقاودەق پێچەوانەکەی ویستووە ، بوونی ئەم پردە شاراوانە لەم چیرۆکەدا لێرەوە هاتووە، تێگەیشتن لە هێمای ئەم پردانە مەرج نییە لەلای هەموو خوێنەرێک وەک یەک بێت و هەموو کەسێک پەیان پێ ببات، بۆی هەیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا بەو ئینتباعانە بخەڵەتێ و ڕازی بێت کە پاڵەوان لەسەر خۆی دەیدات بەدەستەوە، گوایە ئەو غەمۆکییەکەی بەهۆی ڕوخان و خاپووربوونی یادەوەریەکانییەوەو ئەو لەتازەگەری وهاتنی دنیای سەرمایەداری ناترسێ و پێشی خۆشە، ترس و نیگەران بوونی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە پاڵەوانێکی بێ ناونیشان وبێ روخسارەو سیمای مرۆڤێکی ڕەهای هەیە، تەنیا لەبەر خاپوور بوونی خانووەکان و یادەوەریەکان و هاتنی ماڵی دەوڵەمەندو دروستکردنی ئەپارتمانە چەند نهۆمیەکاندا نییە، بەڵکو ئەمە ترسێکە ئەم تخوبانە هەموویان دەبەزێنێ و پێوەندی بە ئەقڵەوە هەیە زیاتر لەوەی پێوەندی بە بەسۆزو عاتیفەمانەوە هەبێت، ئەمە ترسە لە هاتنی تازەگەری و نوێبوونەوە ، ترسە لە تێکشکاندنی ئەقڵیەتی فوداڵی کۆمەڵگەی ئێمە ، ترسە لە تێکەڵبوون بە دنیای سەرمایەداری و تازەگەری ، ترسێکە لەناخی هەرتاکێک لە تاکەکانی ئێمەدا هەیە، ترسە لە پچڕانی ئەو ڕەگوڕیشەیەی کەهێشتا ئێمە دەبەستێت بە دنیای لادێ و ژیانی ئاوایی وئەقڵی خێڵەکیمانەوە، هاتنی کۆمەڵێک ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکەو بنیاتنانی چەندین خانوی نوێ لەشوێن خانوە کۆنەکان لەلایەکەوەو دیار بوونی جێدەستی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەلایەکی ترەوە، بەتەواوی سیمای شوێنەکەیان لەیادەوەری ئەودا کاڵکردبووەوە، ئایا نوێبوونەوە و باشکردنی ژیان کە داخوازی هەموو مرۆڤێکە ترس و نیگەرانی دەوێ؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئێمە لە پەرەگرافەکانی داهاتودا بە کۆمەڵێ بەڵگە کەلەنێو خودی چیرۆکەکەدان دەیسەلمێنین کەوا هەست کردنی پاڵەوان بە نامۆ بوونێکی لەڕادەبەدەر تەنیا پێوەندی بە ڕوخان و خاپوور بوونی یادەوەریەکانییەوە نییە، بەڵکو ترسە لە هاتنی دنیای تازەگەری وسەرمایەداری بۆ نێو سیستەمی چەقبەستووی ژیانی فیوداڵی ئێمە.

**پاڵەوان لەم چیرۆکەدا کەسێکی ڕەهایە:**

ئەم چیرۆکە هەروەک وتمان گێڕەرەوەیەکی فرەزان کە هەر خودی چیرۆکنووس خۆیەتی دەیگێڕێتەوە و هیچ زانیاریەکی پێویست لەسەر پاڵەوان نادات بەدەستەوە، ناوی چییە؟

تەمەنی چەندە؟ خەڵکی کوێیە؟ ئەوەی باسی دەکات چ شوێن وچ شارێکە؟ چ ساڵێک ئەم چیرۆکە ڕویداوە؟ هەموو ئەمانە بەبێ زانیاری ماونەتەوە، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا مەزەنەو کەشوهەوای چیرۆکەکەیە، بۆیە ئێمە ناچار بۆبەدەست هێنانی زانیاری تەواو لەمبارەیەوە پەنادەبەینەبەر ئەم دووڕێگایە، وەکوپێشتریش تێبینیمان کرد چەمکی شوێن لەم چیرۆکەودا بێ ناوەو هەروا بەڕەهایی و کراوەیی هاتووە، ئەمەش وای کردووە چەمکی کاتیش لەگەڵ ئەودا کراوەو ڕەها بێت ، چونکە زۆرجار چەمکی کات لەگەڵ شوێندا دەردەکەوێت و دەبێتە تێهەڵکێشێ، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ئەم دووچەمکە هەمان ڕێگای مەزەنەو کەشوهەوای چیرۆکەکە دەگرینەبەرو دەڵێین چیرۆکەکە لەهەر زەمەنێکەوە دەستی پێکردبێت هێشتا بەردەوامەو تەواونەبووە ، بەپێی گریمانەی خوندنەوەکەمانیش بێت ئەوا ئەم چیرۆکە لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی نوسراوە هەردەبێ لەکوردستاندا ڕوی دابێت و ئەو شوێنەش کە تیایدا ڕویداوە یەکێکە لەشارەکانی کوردستان، بەپێی ئەم میکانیزمە ئەوە پاڵەوانیش کوردە، کاتەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نێوەڕاستی سەدەی بیستی چەرخی ڕابردوو، ئەمەش بەپێی دەلالەتی ئەو کەرەستەو ئامێرانەی کە لەچیرۆکەکەدا بەکارهاتوون، کەئامێرگەلێکن دەمانبەنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کەلە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەگەڕێینەوە سەر پاڵەوانی چیرۆکەکە، هەروەک وتمان کەسێکی بێناو نیشانەو بێ مەلامحە، هیچ خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆی پێوەدیار نییە، بەهیچ شێوەیەک زانیاری لەسەر خۆی نادات بەدەستەوەو هیچ دەربارەی خۆی ناڵێ، سەرەتای چیرۆکەکە لەوەو دەست پێدەکات کاتێک پاڵەوان پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان بینینی خانووی تازە و ڕوخانی خانووە کۆنەکان تووشی شۆک ونگەرانی، دەکەن چونکە وادەزانێ یادەوەریەکانی ئەمیش لەگەڵ وێران بوونی خانووەکاندا وێران بوون و ببون بەژێر خۆڵەوە ، لەسەرتاسەری چیرۆکەکەدا تەنیا دوو ناو هاتووە یەکێکیان ( مام حەسەنە) کەخەڵکی ئاواییە ئەوەکەشیان ناوی(مام سمایلە) و خەڵکی شارە، بێجگە لەم دووناوە ئیتر ناوی هیچ کەسێک وشوێنێک نەهاتوە، ئەمەش وای کردووە چیرۆکەکە بەکراوەی بمێنێتەوە ئینتمای بۆ هیچ شوێنێک نەبێت، ئەم بێ ئینتیمابوونە وای کردووە چیرۆکەکە ئەگەری ڕودانی لەهەموو شوێنێکدا هەبێت و وەک چیرۆکێکی کەونی تەماشا بکرێت، پاڵەوان کەسێکە دەرکەوتنی لە چیرۆکەکەدا سنوردارەو زۆرجار چیرۆکنووس پێش لەو قسەدەکات وتەعبیر لە هەڵچوونەکانی دەرونی دەکات، پاڵەوان ئەوکاتە بەدەردەکەوێ کەپاش چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان ، دەبینێ هەمووی خاپوورو وێران بووە، لە

شـوێنەکـەیدا کـۆمـەڵێ خـانووی تازە دروسـتکراوە، ئەو پردەش کـە ئەمـبـەرو ئەوبەری گەڕەگەکەیانی بەیەکەوە دەبەستەوە ڕوخێنراوەو شیوەکەش پڕکراوەتەوەو لەجێگاکەیدا شـەقامێکی گەورەی قـیرتاوکراو دروستکراوە، ئەم نوێ بوونەوەیە تووشی شۆکی دەکات ونیگەران دەبێت، وای لێ دێت لەنێوان بنیاتنان وخاپووکردندا هیچ جیاوازیەک نابینێ، چونکە بەڕوخانی ماڵە قوڕەکان هەست دەکات هەموو یادەوەریەکانی ئەمیش بوون بەژێر خاکو خۆڵەوەو لەگەڵیدا دەفن بوون، ئیتر لەو کاتە کورتەدا کە تەماشای ئەو دیمەنانانە دەکات کۆمـەڵێ یادەوەری بەبیـردا دێتـەوە لەوانەش بەسـەرهاتی مـاڵی مـام حـەسـەن و پاشانیش قسەکانی باوکی کە بەسەرهاتی گوندەکەی خۆیان و مـاڵی مـام سمـایلی بۆ دەگێڕایەوە، کەوا چۆن ئەوانیش کاتی خـۆی لەلادێ لەبەر دۆزینەوەی تەرمێکی نەناسراو لەنزیک مـاڵەکـەیان باریانکردووە بۆشـارو بۆ ئەو گـەڕەکـەی کـە لەوێش بەهـۆی ڕوداوێکی هاوشـێـوەوە دیسـان لەوێش باردەکەن، لێرەدا وردەکاری زیاتر هەیە، هەروەها بەراوردێک هەیە لەنێـوان ئەو دوو سـەردەمـەدا واتە سـەردەمی منالّی پاڵەوان لەشارو باوکی لەئاوایی، ئەویش ئەو بەراوردەیە کە لەنێوان ماڵی مام حەسـەن ومام سمـایلدایە، وەکو وتمان ئێمـە هەوڵدەدەین بەکۆمەڵێ بەڵگە کە لەنێو خودی چیرۆکەکەدا هەن بیسەلمێنین کەوا نیگەرانی و حەسرەتزەدە بوونی پاڵەوان لەبەر خاپوور بوونی یادەوەریەکانی نییە بەڵکو لەبەر هاتنی مۆدێرنێتەو تازەگەرییە بۆ نێو ژیانی هاوچەرخمان.

**بەڵگەکان:**

ئەو بـەڵگانەی ئـەوە دەسـەلمێـنن کـەوا نـێگەرانی پاڵەوان لەبەر ڕوخـان و لەناو چوونی یادەوەریەکـانی و هەرەس هێنانی هەسـتە خۆشـەکـانی سـەردەمی منالّی نین کـە بریتین لەکـۆمـەڵێ یادەوەری لەوگـەڕەکـە خـاپوور بووەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە پاڵەوان حـەز لە نوێ بوونەوە ناکات و کەیفی بەتازەگەری و مۆدێرنێتـەدا نایەتەوە، بەبینینی ئەو هـەموو خـانووە تازەو جـوانانە تووشی شـۆکی تازەگـەری دەبێت و سـەری سـوڕدەمـێنێ و غـەم وپەژارە دایدەگرێ ، بۆیە بەهاوکاری و چاوساغی چیرۆکنووس دەیەوێ ئەم ترسـە بشارێتـەوەو وا خۆی پیشاندات کەوا نیگەرانی ئەو لەسـەر نوێ بوونەوەو دروست بوونی خـانووە تازەکان نییە، بەڵکو ئـەو غەم بۆ لەدەستچوونی یادەوەرەیکانی تەمـەنی ڕابردوویی دەخوات و هەست دەکات بە خاپوور بوونی خانووەکان ئێستا ئەمیش مرۆڤێکی بێ یادەوەری و بێ مێژووە، هەروەها دەیەوێ پێمان بڵێ کەوا هاتنی خەڵکانێکی دەوڵەمەندو سەرمایەدار و تەکنەلۆژیا سروشتیان لەوتاندووە، ژیان ئەو تامە سادەو ساکارەی جارانی نەماوەو تەنانەت جریوەی

چۆلەکـەکـانیش تـامی جـارانیـان نەمـاوە، لە هەمـوو ئەمـانەشدا چیرۆکنووسێکی فرەزان پێشی کەتووەو رینوێنی دەکـات، بەڵام بـە هەڵدانەوەی پـەردە لەسـەر ئەو هێڵە نهێنی و شاراوانەی پشت روومەتی پاڵەوان کەهـێما بۆ ئەوەدەکەن پاڵەوان لە هاتنی تازەگەری و نوێ بوونـەوە دەترسێ ئەو راسـتـیـەمـان بۆ ئاشکرا دەبێت کـــە ترسی پاڵـەوان ترســـە لـە ئـەقڵ و بەرپرســیـاریـیـەتـەکـانی نەک ترس لەناوچوونی یادەوەریـەکـانی، ئەو هێـمـایانەی لەم چیـرۆکـەدا بـەدەردەکـەون ئامـاژە بۆ کـۆمـەڵێ مـەدلولی شـاراوەدەکـەن کـەزیاتر دەورنی وئەنتـۆلۆژین و تێکسـتی چیـرۆکـەکـە وەک کۆمـەڵێ پردی نـهێنی لەخـۆیدا شـاردونیـیـەتیـەوە کـە ئێـمـە لەکـاتی قسەکردنمان لەسەر تەکنیک باسمان کرد.

بەڵگەی یەکـەم: لەم چیـرۆکـەدا کـۆمـەڵێ چەمکی دەرونی و عـاتفی بوونیـان هـەیەو دیارو ئاشکرا بەهەمووڵایەکدا پەلوپۆیان هاویشتووە، لەپاڵیانیشدا ململانێی نێـوان کـۆنەو تازە بەدی دەکـرێت،ئەم چەمکانە پەیوەندی توندو تۆڵیان بەهەست ونەستی پاڵەوانـەوە هـەیە،، ئەگـەر ئەمـانەش لەپشـتی بیـروهۆشی ئـەوەوە نـەبن چی وای لێـدەکـات لەتازەبوونەوە بترسێ؟ بەبینینی خـانووە تازەکـان بێتاقـەت بێت؟ هەروەها نـەبوونی هەسـتی پرسیـار کـردن لـەلای پاڵەوان بـەڵگـەیـەکی تری ئـەوەیـە کەپاڵەوان حەزی لەتازەبوونـەوە نییـە بۆیە دەڵێ( هەر بۆیـە بەخـێـرایی گـەیشـتـە ئەو بڕوایەی بیـرۆکـەی پرسیـار لەمـێشکی خـۆی دەرکات و پرسـیـار لەهیچ کـەسـێک نەکـات) هیچ تازەگـەرییـەک و هیچ

**لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێ چەمکی دەرونی و عاتفی بوونیان هەیەو دیارو ئاشکرا بەهەمووڵایەکدا پەلوپۆیان هاویشتووە**

مەعریفەیەک بێ پرسیار نابێت، لەمەشدا چیرۆکنووسێکی فرەزان پشتیوانی پاڵەوان دەکاو وەک کەسێک کەئەویش بەهەمان هەقیقەت گەیشتبێت دەڵێ ( دەربارەی چی پرسیار بکات؟ هەمووشتێک بەروونی لەبەرچاوە ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی بەسیمای شوێنەکانەوە دیارە بەتەواوی وەڵامی پرسیارەکانیان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە) یەکەم هەنگاوی تازەبوونەو مۆدێرن بوون بە پرسیار دەست پێدەکات ئەوانەش لەپرسیار دەترسن و پرسیار ناکەن حەزیان لەمەعریفەو زانست نییەو لەتازەگەری و ژیانی هاوچەرخی دەترسن، حەز لە ئەقڵ ناکەن چونکە ئەقڵ بەرپرسیارێتییە بەرانبەر بە خودی مرۆڤ و سروشت، ئەگینا تازەگەری و تازە بوونەوە ئەو حاڵەتەنین کەوا مرۆڤ لێیان پەست وغەمناک بێت .

بەڵگەی دووەم: ئەو حاڵەتەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە تووشی هاتووە باری ئاسایی تێدەپەڕێنێت و لەوەدەردەچێت کە هەندێ کەس بۆمانەوەی یادەوەریەکانیان کۆمەڵێ شتی کۆنە بەخۆیانەوە ڕادەگرن، وەک بۆنەیەک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو یان بۆ خۆپێوە هەڵکێشان، ئەوەی لێرەدا ڕوبەڕوی دەبینەوە لەدەرەوەی ئەم ئاستەدایەو ناچێتە خانەی پارێزگاری کردن لەیادەوەریەکان، چونکە سروشتی ئینسانی ئاسایی لەگەڵ حەزەکانی تریدا حەزی لەبەدەست هێنانی شتی تازەو باشە، ئەوەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە تووشی بووە ئاستی پێوەندییە سروشتییەکان دەبەزێنێ ودەچێتە خانەی حاڵەتێکی نائاساییەوە کە پێویستی بە ڕامان ولێوەستان هەیە، چونکە ئەم حاڵەتە پێوەندی بە پاشخان و ئاستی ڕۆشنبیری پاڵەوانەوە هەیە کە بەڕۆخانی پردە چکۆڵەکە ئاڵۆز دەبێت، کەدەکرێ بڵێین ئەوە پردی نێوان کۆنەو تازەیە، یان نێوان ئەقڵ وجەهلە، یان نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتە (ڕوخانی پردە بچکۆڵەکەو پڕکردنەوەی ئەو شیوە دوورودرێژەی ماڵەکانی گەڕەکی دەکرد بەدوو بەشەوە، هەموو گەڕانەوەیەکی بۆ شوێنەکانی ڕابردوو لەلا ئاڵۆزکردبوو، هاتنی کۆمەڵێک ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکە و بنیاتنانی چەندین خانووی نوێ لە شوێن خانووە کۆنەکان لەلایەکی دیکەوە بەتەواوی سیمای شوێنەکانی لەیادەوەریەکانی ئەودا کاڵکردبووەوە) کەوابوو تەنیا ڕوخانی خانووەکۆنەکان و پردەکە پاڵەوانیان تووشی غەمۆکی و پەژارە نەکردووە، بەڵکو هاتنی ئەو ماڵە دەوڵەمەندانەش نیگەرانیان کردووە، ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کەوا پاڵەوان تەنیا لەبەر ڕووخانی خانووەکان و بەژێر بەردووداڕەوە بوونی یادگارەکانییەوە نیگەران نەبووە، بەڵکو هاتنی ماڵە دەوڵەمەندەکانیش ئەمیان تووشی غەمۆکی کردووە، هاتنی دەوڵەمەندەکان یانی هاتنی سەروەت و سامان، واتە هاتنی برژوازییەت بۆ ولاتێک کەهێشتا ئەقڵییەتی فیودالی بەسەریدا زاڵە، لێرەوەیە پاڵەوان

کەهێشتا گەرای ئەقڵییەتی فیوداڵیزم لەمێشکیدایە، یادەوەریەکانی پڕن لەشێوازی ژیانی فیوداڵی و جوتیاری، هاتنی برژوازییەت و تازەگەری و مۆدێرنێتە پەستی کردووە بەڵام چیرۆکنووس کەچاوساغی پاڵەوانە دەیەوێ کۆمەکی بکا، تائەم ڕاستییە بەوە بشارێتەوە کەگوایە ئەولەتازەگەری ناترسێ و لەغەم و پەژارەی یادەوەریەکانیدایە، چونکە ئەوانە بەشێکن لەژیانی ڕابردوی و بەویادەوەریانە دڵی دەکرێتەوە.

بەڵگەی سێیەم: لەم چیرۆکەدا پاڵەوان وچیرۆکنووس دەیانەوێ گەمەو فێڵ لەخوێنەر بکەن ، بەڵام ئەم فێڵەیان بۆ ناچێتەسەرو ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن، ئەوەتا پاڵەوان هیچ جیاوازییەک لەنێوان خاپوورکردن و بنیاتناندا نابینێتەوە (ئەگەر خاپوورکردن لەگەڵ خۆیدا ڕوانین و یادەوەریەکان زیندەبەچاڵ بکات ئەوا بەهەمانشێوە زۆرجار بنیاتنانیش هەمانکار بەئاکام دەگەیەنێ) باشە گریمان خاپوور بوون کارێکی خراپەو لەگەڵ خۆیدا ڕوانین و یادەوەریەکان زیندەبەچاڵ دەکات ئەی بنیاتنان چۆن؟ ئایا دەکرێ ژیان ڕاگرین وهیچ شتێک تازە نەکەینەوە نەوەک یادەوەریەکانمان زیندەبەچاڵ بن؟ ئەم بەیەکسانکردنەی بنیاتنان و خاپوورکردنە دیدێکی ڕەشبینانە دەخاتەڕوو بەو پێیەی ئاوەدانکردنەوەو نوێکردنەوە یەکسانن بەخاپووربوون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا پاڵەوان چونکە خۆی حەزی لە تازەکردنەوە نییە دەیەوێ لەبەر چاوی خوێنەریشی ناشرین کات.

بەڵگەی چوارەم: بێجگە لەهەموو ئەمانەی کە باسمان کرد بوونی خوێن و خوێن ڕشتن و کوشت و کوشتار لە هەردوو حاڵەتەکەدا واتە هەم لە لادێ و هەم لە شاریش بەڵگەی ئەو ڕاستییە مێژووییەن کە دەیسەلمێنێ هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیاندا هاوشان بووە بەڕشتنی خوێن و کوشت و کوشتار، دەبینین پاڵەوان لەبەر دۆزینەوەی تەرمێک لە نزیکی ماڵەکەیان لەو گەڕەکە باردەکەن دەچنە گەڕەکێکی تر، کەوا بوو گواستنەوە لە قۆناغی فیوداڵێتەوە بۆ قۆناغی برژوازیەت کە دەوڵەمەندەکان و خانووە تازەکان ڕەمزی ئەمەی دواییانن، پێویستی بەقوربانیدان هەیە، ئەم قوربانیدانەش خۆی لە ( شۆڕش و خەباتکردندا دەبینێتەوە ) هەروەها تێپەڕاندنی قۆناغی بەرهەمهێنانی فیوداڵی و گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی پێویستی بەهەمان قوربانیدان وخوێن ڕشتن هەیە، هەر بەپێی دانپێدانانی خودی پاڵەوان کاتی خۆیشی ماڵی باوکی لەلادێوە لەبەر دۆزینەوەی تەرمێک لەنزیکی ماڵیان باریان کردووە بۆ شار ، ئەوەی شایانی سەرنج و وردبوونەوەیە ئەوەیە کەهەردوو حاڵەتی کوشتنەکە هەم لەلادێ و هەم لەشاریش لەشێوەدا زۆر لەیەکەوە نزیکن فەرق وجیاوازیەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە ئەگەر چی لەئاڕاستەدا جیان وپێچەوانەی

یەکن ، هەروەکو لەم نەخشــەیەی خـوارەوەدا دەیبـینین، کـەوا بوو تێـپـەڕاندنـی هەردوو قۆناغـەکە وەک یەک پێویسـتـیان بەهەمـان قوربانیـدان هـەیە، کە لەشـێـوەدا لەیەک دەچن وگەواهـی لەسـەر یەک ڕاستیش دەدەن ، ئەویش ئەو ڕاستییەیەیە کەوا تێپەڕاندنی قۆناغە گەورەکانی ژیان پێویستی بە قوربانیـدان هەبووەو هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا هـاتن و بارکردنی باوکی پاڵەوان لەئاواییەوە بۆ شار ناچاری بوو بۆیە حەزی لەشار نییە.

کوژرانی کوڕێک لەشار – کوژرانی ژنێک لەلادێ

تەرمی کوڕێکی گەنج – تەرمی ژنێکی بەتەمەن

کراسی سپی و شەواڵی ڕەش – کراسی ڕەش وشەرواڵی سپی

پێڵاوی ڕەش وگۆرەوی سپی – پێڵاوی سپی وگۆرەوی ڕەش

تاکی چەپی پێـڵاوەکەی لەنزیک خـۆیەوە کـەوتووە – تاکـی ڕاسـتی پێـڵاوەکەی لەلای خۆیەوە کەوتووە

،سەری بەلای ڕاستدا ئاوڕی داوەتەوە – لەسەر پشت فڕێدراوە سەری بەلای چەپدا ئاوڕی داوەتەوە

دەستی ڕاستی لەسەر دڵێ – دەستی چەپی خستووەتە سەر دڵێ

بەچەقۆ کوژراوە – خنکێنراوە

بـەڵگەی پێنجــەم: پاڵەوان بـەبـەردەوامی هـەست بەوەدەکـات کـەوا دروسـتکردنـی پەیوەندییەکان و گرێدانیان لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا جارێکی تر کارێکی مەحاڵەو ئەویش بەهیچ شـێـوەیەک ناتوانێ ئەم پێوەندیانە پێکەوە ببەسـتێـتەوە چونکە ئەم دووقـۆناغـەی ئێسـتـاو ڕابردوو دووقـۆناغی جیـاوازن و زۆر لەیەکەوە دوورن، بۆیە دەڵـێ( دوای ئەو مـاوە کورتـەی لەکۆڵانەکـەدا بەسـەربـرد، گەیشـتـە ئەو بڕوایـەی بەهیچ شـێوەیەک ناتواتنێت ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا دروستبکاتەوە) ئەمەیان تەواو دروستە و بێگومان جـارێکی تر نەپاڵـەوان نە ئێمـەش ناتوانین ئـەو پێوەندیـانە بەیەکـەوە ببەسـتـینەوەو دۆخی ئێسـتـا بگـەڕێنینەوە بۆ جـاران، چونکە قـۆناغـی ئێسـتـاو ڕابردوو زۆر لەیەکـەوە دوورن و ژیانیش لە پێشکەوتنی بەردەوامدایەو بەری ڕەوڕەوەی بەهیچ کەسێک ناگیرێت، ئەوەشی بیەوێ بەری بگرێ تەنیا خۆی زەرەرمەند دەبێت و دوادەکەوێ .

بەڵگەی شــەشــەم: بەڵگەیەکی تـر کـە ئەوە دەسـەلمێنێ نیگەرانی پاڵەوان تەنیـا لـەبەر بزربوونی یادەوەریەکانی نییـە باوکییـەتی، کەئەوییش ڕۆڵێکی زۆری لەچیرۆکەکەدا هـەیەو هیـچی لەپاڵـەوان کـەمـتـر نیـیـە، ئەگـەر زۆرتر نەبێت، بڕوانە بـاوکی پاڵەوان چۆن باسی

گوندەکەی خۆیان دەکات( ئەو گوندە لەسەردەمی ئێمەدا زۆرخۆش بوو بەڵام ئێستا گۆڕانکاری گەورە بەسەر سروشت و خەڵکەکەدا هاتووە) ئەم ڕاستیەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا گۆڕانکارییەکانی ژیان و نوێ بوونەوە گەیشتووەتە گوندیش بۆیە باوکی پاڵەوان تووشی شڵەژانی فکری بووەو لەلایەکەوە حەزی لە گوندەکەی خۆیان نییەو لەلایەکی تریشەوە بیری دەکاو حەزی لێیەتی، ئەمەش وای لێدەکات لەگەڵ ئەوەی کەزۆربەی کات باسی کارەسات ونەهامەتی و برسێتی سەردەمی منالّی خۆی دەکا بەڵام بەهەموو شێوەیەک ئەو سەردەمەی لەلاخۆشتربێت و لەکۆتایی هەموو باسکردنێکی ڕابردوودا بڵێت ( جاران چۆن بوو، ئێستا چۆنە؟) هەروەها باوکی پاڵەوان هەست بەو گۆڕانکاریانە دەکات کەژیانی نوێ و سەرمایەداری لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردووە، لێرەدا دەپرسین ئاخۆ ئەم شل بوونی پێوەندیە کۆمەڵایەتیانە هیچ پێوەندییەکیان بەیادەوەریەکانەوە هەیە؟ بێگومان نەخێر ئەوەتا باوکی پاڵەوان هەست بەمەترسی ژیانی تازەکات و حەزی لێ ناکات، حەزی بەژیانی ئاوایی و لادێیە، بەڵام مانەوەی ئەم حاڵەتە بەدەستی ئەو نییەو تاسەر بۆی نامێنێتەوەو دەگۆڕێ ، بۆیە هەموو جارێک لەکۆتایی قسەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوەو دەڵێ: ئەگەر کوشتنی ئەو ژنە نەبووایە کەتەرمەکەیان لەنزیک ماڵی ئێمە فڕێدابوو هەرگیز نەدەهاتینە شار، کەوابوو باوکی پاڵەوان ناچار بووە ڕوو لەشار بکات و ئاوایی بەجێ بهێڵێ، ئەگینا ئەو قەت بەژیانی شار ڕازی نییەو لێیبێزارەو هەست دەکات لەشاردا پێوەندییەکان پچڕاون و خەڵکی وەک جاران نەماون، هەڵبەت ئەمەش بەڵگەی ئەویە کەشار قۆناغێکی پێشکەوتوترە لەژیانی ئاوایی، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو ژیان لەشارێکەوە بۆشارێکی تر دەگۆڕێ، هەروەها ئەو کەرەستانەی کەلەئاوایی و شاردا بەکاردێن هەردوکیان جیان، ئەمەش بەڕونی وبەئاشکرا لەم چیرۆکەدا باسکراوە وەک لەم نەخشەیەی خوارەوەدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| کەرەستەکانی لادێ | کەرەستەکانی شار |
| بەکارهێنانی تراکتۆر | بەکارهێنانی سەیارە |
| خۆکێشان بەدیواری ئاشێکدا | خۆکێشان بەعەمودێکدا |
| بەکارهێنانی بێڵ بۆ کوشتن | بەکارهێنانی دەمانچە بۆ کوشتن |
| بەکارهێنانی چرا | بەکارهێنانی جگەرەو شقارتە |
| سوتانی کاوکۆتەڵ و گوریس | سوتانی بەنزین وسۆندە |

ئەمانە پوختەی ئەو بەڵگانە بوون کەلەنێو خودی چیرۆکەکەوە ئەوە دەسەلمێنن کەوا

نیگەرانی پاڵەوان لە ڕوخانی کۆڵانەکەو خاپوور بوونی یادەوەرییەکانییەو نەهاتووە بەڵکو پێوەندی بە هاتنی سیستەمی ژیانی تازەگەری و مۆدێرنێتەوە هەیە.

**کۆتایی:**

ڕووخانی پردەبچکۆڵەکەو پڕکردنەوەی ئەو شیوە دورودرێژەی ماڵەکانی گەڕەکەکەی دەکرد بەدوو بەشەوە، هەموو گەڕانەوەیەکی بۆ شوێنەکانی ڕابردوو لەلا ئاڵۆزکردبوو.هاتنی کۆمەڵێک ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکەو بنیاتنانی چەندین خانووی نوێ لەشوێنی خانووە کۆنەکان لەلایەکەو جێدەستی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەلایەکی دیکەوە بەتەواوی تووشی شۆک ونیگەرانیان کرد، خودایە چەند بەبینینی ئەم خانوانە پەست وقەڵس دەبم، چەند ڕقم لەم شەقامە قیرتاو کراوانەیە، بەخوا هەر کۆڵانە خۆڵاوییەکەی جاران خۆش بوو، لەگۆتایی خوێندنەوەکەماندا بەو ئەنجامە دەگەین کەوا پاڵەوان لە چاوگێڕانێکی خێرادا بەگەڕەکەکەیاندا بەتەواوی هەست بەغەمباری و نیگەرانی دەکات، هیچ جیاوازییەک لە نێوان بنیاتنان و خاپوورکردندا نابینێتەوە، ئەم بەناو بنیاتنان و تازەکردنەوەیە، ئەم هاتنی شکڵ و شێوەی خانووی مۆدێرن و نوێیە بوونەتە هۆی پچڕان و لەڕەگ وڕیشە هەڵکەندنی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی کەئەم دەبەستن بە دنیای لادێ وژیانی جوتیاری وبیری خێڵ و سیستەمی بەرهەمهێنانی فیوداڵیەوە، دوای ئەوەی لەتەماشاکردنێکی بەپەلەدا چەند ڕوانینێک بەبیری خۆیدا دەهێنێ دەیەوێ پرسیار لەم گۆڕانکارییە بکات تابزانی چۆن وەبەرهەم هاتووە، بەڵام هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە خولیای پرسیار کردن لەمێشکی خۆی دەردەکات چونکە دەزانێ پرسیار دەرگای کۆمەڵێ گێرەو کێشەی فەلسفیانەی لێ دەکاتەوە کەڕەنگە زیانی بۆ زۆرێک لە بیروبۆچوونەکانی ئەم هەبێت و لەهەندێکیان پەشیمانیان کاتەوە، بۆیە حەزی لەپرسیارنییەو بەلایدا ناچێت، هەر لەو چاوگێڕانە خێرایەدا هەست بەدابڕانێکی گەورە دەکات لەنێوان خۆی و ئەو گەڕەکەدا، ماڵی مام سمایلی بیرهاتەوە ژیانی گەڕەکێکی میللی لەکوێ وئەم قڕوقەڵەباڵغییەی ئێستا لەکوێ ، هاوسێتی مام سمایل لەکوێ وهاوسێتی ئەم هەموو ئەفەندییە لەکوێ؟ بێگومان ئەوەی یەکەمجار لەلادێوە بێتە شار هەست بەنامۆی دەکات ، هەروەک چۆن ئەگەر ئێستا یەکێک لە ئێمە لە شارێک لە شارەکانی کوردستانەوە بچێتە ئەوروپا هەست بەنامۆ بوون دەکات ، ئەوکات بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە ئاوا بووە کەئەو هەموو خانوو ئەپارتنمانەی بینییەوە تووشی شۆکی تازەگەری بووە، بۆیە کاتێک بەئاسانی لەشەقامەکە دەپەڕێتەوە بڕواناکات و هەست بەنامۆ بوونی خۆی دەکات، وەک ئەوەی لەنێو شارێکی گەورەی دنیادا بێت، بڕوانە لەجیاتی ئەوەی

بینینی ئەو هەمـوو دیمەنە بەرەو بیـرەوەری ئایندەی ببـەن، دڵی بە بینینی ئەو هەمـوو گەشـەکردنە بکرێتەو کـەیفی پێی بێتەوە، بیری تەپوتۆزی هاوین وقـوڕوچڵپاوی جاران دەکـات، بۆیە دەگـاتە ئەو بڕوایەی بەهیچ شـێـوەیەک نـاتوانێت ئەو پەیوەندییـەی جـاران لەنێـوان ئێسـتـاو ڕابردودا دروسـتبکاتەوە،لێرەوە لـەم خـەیاڵانەوە بەکـوتوپڕی هەمـوو ئەو قسـانەی بیردەکەوتەوە کەباوکی دەربارەی گوندەکەیان بۆی دەگێڕایەوە، چی وای لێدەکات ئاوایی بیـر بێتـەوە خـۆ ئەو لەدایک بـووی لادێ نییـە، تـەنانەت ئاوایەکـەی مـاڵی باوکیـشی نەدیوە، ئەگەر پاشـماوەی هۆشـێکی فیـوداڵی لە ئەقڵ وهزریدا نەبێت ! چی وای لێدەکات بیـری ئاوایی بکات لەکـاتێکدا خـۆیشی بەتەواوی نازانـێ هۆی چییـە لەکـاتی چاوگـێـڕان بەکۆڵان و گەڕەکەکەی خـۆیاندا بـەکتوپڕی هەمـوو ئەو بەسـەرهـاتانەی بیردەکەوێتـەوە، کـە باوکی لە کاتی خـۆیدا دەربارەی گوندەکـەیان دەیگێڕایەوە باوکی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کات باسـی کـارەسـات ونـەهـامـەتی و برسـێـتی سـەردەمی منـاڵی خـۆی دەکـات ، بەڵام بەهـەمـوو شـێـوەیـەک ئەو سـەردەمـەی ڕابردووی لـەلا خـۆشـتـر بوو بۆیە دەیگوت جـاران چۆن بوو ئێستـاش چۆنە، بەڵێ دنیا گـۆڕاوە و ئێسـتـا ئەو سـەردەمـە نەمـاوە کەخـەڵک یارمـەتی و کۆمـەکی مـاڵی مـام حـەسـەن و مـام سمـایلیـان دەکرد، لەشـاردا شـێـوەی پێوەندییـەکان دەگۆڕێن و لەپەیوەندییەکی دەستـەجەمعیەوە دەبێتە هەڵوێستی تاکانە، ئەوەش قۆناغـەکان دەگـــۆڕێ و ژیـان بەرەو نـوێبـــوونـەوە دەبات قـــوربـانـی دانە هـەربـۆیە دەبینـین گـــۆڕانـی پێوەندییـەکان و شـێوازی بەرهـەمـهێنانی قـۆناغی فیـوداڵی پێویسـتـی بەقـوربانی و خـوێن هـەیە، هـەروەها لە شارەکانیشدا بەهـەمـان شێوە ئەو قوربانیانە پێویستن، بۆئەوەی ئاستی گەشـەسـەندن و تازە بوونەوەکان بەردەوام بێت، لەم چیرۆکەدا هـەمـوو ئەمانە بەڕون ئاشکرا بوونیـان هـەیـە، نەپاڵەوان ونەباوکی نەیانتـوانیـوە بیـانشـارنەوە، هـەروەهـا کـەرەسـتـەکانیش بەپێی سەردەم و قۆناغەکانیان جیان و بەپێی جوگرافیاو زەمـەنەکانیان لەگۆڕاندان، ئەوەی کە جێگای سـەرنجـە ئـەوەیە هـەروەک چۆن لەژیانی واقعی ڕۆژانەمـاندا ڕۆڵی ژنان پەراوێز خـراوە لـەم چیرۆکـەشـدا هـەمـان ڕەنگدانەوەی هـەیەو دایکی پاڵەوان جگە لەوەی کـەوا هـەر لەخۆیـەوە برێک تۆمەت بۆ کوژراوەکە دەردەکات هیـچ ڕۆڵێکی تری نییـە، سـەرجـەمـی هـەمـوو ئەمـانە گـەواهـی و شـایـەتی ئەوەن کـەوا گـۆڕانکاریەکـان بەپێـچـەوانـەی ویست و ئیـرادەی پاڵەوان بـەڕێوەدەچن بۆیە ئەویش لەهەر کـوێیـەک ئەم نوێ بوونەوەو مـۆدرین بوونە دەبینـێ پێیان پەست ودڵتەنگ دەبێت.

دوزخورماتوو/ ٢٠٠٨